# ئەنفال... لە روانگەی لێپرسراوێتی نێودەوڵەتییەوە

نەجات حەمید

بەشی سێیەم و کۆتایی

**ئەوەی شوێنی مەترسی و کارەساتاوی بوو، لە عەسکەرتاریەتی رێورەسم و پەیرەوە سەربازییەکان نەبوو، بەڵکو لە کرداری بەعەسکەرکردنی عەقڵی نەوەکانی عێراق بوو، چونکە ناوەرۆکی ئەو کردارە کوشتنی هەموو بەرامبەرێکی جیاوازبوو.**

**ئەنفال زەمینەیەکی سیاسی و مێژوویی و پەروەدەیی بۆ رەخسێندرابوو، لە زۆر شوێنی جیاوازی عێراقدا بەبەر چاوی خەڵکی عێراقەوە، بەتاڵان بردن و لە ناوبردنی خەڵکی و کوشتنیان تێدا ئەنجام دەدرا، ئەمەش ئامازەیەک بوو بۆ ئەوەی کە هەر ئەو پەروەردە کردنەی عەقڵی عێراقیەکان بەهێز و کوشتن لە پشتەوەی پەرەسەندنی شێوازەکانی کوشتنەوە بوو**

سەردەمی ئەنفال خاڵی مێژوویی هەڵئاوسانی مۆدێلە سیاسیە شۆڤێنیە نازیەکانی سەدەی رابوردوو بوو کە دەرەنجامی بەیەک گەیشتنی مەیلی بکوژی بوو لە نێو ئەو دەستە بژێرە ناوخۆیە داب و دەستوور پەرستە مێژووییە، لەگەڵ هەڵئاوسانی سیاسەتێکی نێو نەتەوەیی کە حسێبی بۆ بەها مرۆڤایەتیە بەرهەم هێنەرەکانی خۆی نەدەکرد، ئەو جیهانە تەنها لەگەڵ ئەو دەستەبژێرە بکوژەدا پەیوەستی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی دارشت کەلەسەر خوێنی نەتەوە کوژراوەکانی مێژوودا لەسەر پێ وەستابوو. ئەو هێزە جیهانیە بنیاتنەری مێژووی دامەزراندنی ئەو باوەڕانە نەبوون کە گەوهەری بنیات نەری مۆدێرنیتەیان تێدابوو، بەڵکو لە ژێر یەک ئایدیالی ئەو بیرانەدا پەیوەست دەبوو کەبیری بکوژانە بوو لە پێناوی سەرخستنی ئایدیالی هەموو شتێک لە پێناوی مسۆگەری کردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی. لە گەوهەریشدا قوربانی کردنی گەلی کورد و بەیەک گەیشتنەوەی دەستەکان و عەقڵەکانی دوو بکوژی جیاواز لە ئایدیال بوو، دەستێکیان دەستی مێژووی بکوژی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە لەنێو مێژووی داب و دەستووورو ئایدیالە باوکسالارەکان نقوم بوو بوو، دەستێکیشیان بکوژێکی دووسەرەی نوێخوازی و عیلمانی بوو، کە هیچ بایەخی بەو کەلتووره زەبەلاحە مرۆڤایەتی خوازی خۆی نەدەدا لە بواری ئەو یاساو باوەڕو پرانسیپانەی کە ناوەڕۆکەکەی لە ئازادی و مافی مرۆڤدا چڕدەبووەوە پاش جەنگی یەکەم و دووەم ئەو جیهانە بەلایەنی گەلانی خۆیانەوە ئەو مافانەیان پەیڕەو دەکردو بەیاسا داکۆکیان لێدەکرد، بەڵام بەلایەنی وڵاتەدوا کەوتووەکانەوە، ئەو رژێمانەی کە گرنگ نەبوو ئاخۆ چەندێک تیایاندا رێزلەو باوەڕانە گیراوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە ئەو رژێمانە بەسوود وەرگرتن و هاوکاری و چاو پۆشیی ناو خۆییەوە، ئەنفالی گەلی کورد لەو ساتەدا بوو، یالەو زەمەنەدا روویدا کە پاش ساڵانێکی زۆر لە گۆڕانی دەسەڵات و تێکەڵیی جیهانی و ئایدۆلۆژی و مێژوویی، رژێمی عێراقی پاش چەندین سیستەمی سیاسی، هەموو ئەو گۆڕانکاریەیاسایی و سیستەمانە، دەرەنجامەکەیان تەنها خولقاندنی رژێمێک بوو کە تاکە کەسی گەورەترین بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانە بوو لە سەرەوەی دەسەڵاتدا، هەرچەندە کەسایەتیەکی وەک دکتاتۆری عێراق زادەی کەلتوورێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی شێواوی ناسروشتی بوو، بەڵام بارودۆخی ناوچەیی و کەلتووری گشتیی ناوچەکە کەیاسای هێند تیایدا زاڵ بوو، نەرێزی لەیاساو نەلە کەلتووری نوێ دەگرت، تازە کردنەوەی ژێرخانی ئابووری و ئابلۆقەدانی پەرەسەندووی جێگیر بوو، ئەو کەلتووره خوێن رێژەی ئامادەبوو هەموو نوێخوازیەک لە عەقڵدا تیرۆربکاو ئامادەبوو هەموو ماناکانی نوێ کردنەوە بە رووکەشی دیاردە کانەوە پەیوەست بکا لە خزمەتی عەقڵی بکوژیدا و ئەو، بەرهەم هێنانە مێژووییەش، هێزی ئەو کەلتووره و زاڵ بوونی بوو بەسەر هەموو ماناکانی تازە کردنەوەو مافەکانی مرۆڤ و رێزگرتن لە مرۆڤ و تەنانەت بەها پیرۆزەکانی مرۆڤیش، هەرکاتێکیش زەمینەی دەرپەڕین و خۆدەرخستنی هەبووبێ لە دەروازە رەشەکانی مێژووەوە سەری هەڵداوە، ئەو کەلتووره کەلتورێکی دۆگماو دەسەرەو شمشێر خوازە، ئەو کەلتووره کوشتنی بەرامبەر بەپاساوی نالۆژیکی و نامرۆڤایەتی لەگەوهەری رۆحیدا دەژی و نەبەتەمان و نەگوتەو نەباوە رو نەیاسا و نەرێزگرتنی هەر پیرۆزیەک هیچی لەلادا نانوێنێ، ئامادەیە لە پێناوی گێڕانی دەوری بکوژیدا لەوپەڕی پێشکەوتن خوازیەوە، بچێتە ئەوپەڕی سەلەفیەت، لەو پەڕی ئاین پەروەری و بانگەشەی ئاینییەوە بچێتە ئەو پەڕی دژایەتی کردنی ئاینی، لەوپەڕی نەتەوەپەرستیەوە بچێتە ئەوپەڕی دژایەتی کردنی نەتەوەیی، ئامادەیە وەچەو نەوەکانی خۆی لە بنەوە ببڕێتەوە و ئامادەیە هەموو سەروەریەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی بەنەوەکانیەوە ببەستێتەوە، ئامادەیە گەورەترین دەست رۆیی یاسایی و نایاسایی بە نوێنەرەکانی ببەخشێ و ئامادەیە لەیەک ساتدا هەموویان لە ناوبەرێ، ئامادەیە هەموو پەیمان و سوێندو بەڵێنێک بداو ئامادەیە هەمووی سەرەو ژێریش بکاتەوەئەنفال زادەی ئەو عەقلیەتە دەمامکدارو بکوژە بوو چونکە هەموو ئەگەرەکان، هەموو پەرەسەندنەکان، هەموو هەڵبژاردنەکان، کاتێک بارودۆخی سیاسی و سوپایی و ئابووریی تەواویان بۆ دەرخسێ ئەوسا دەمامکەکانی لە رووەدەکاتەوە و دەبینین رووی بکوژو مرۆڤ کوژ دەردەکەوێ، ئەم کردارە لەگەڵ ئەوەشدا کە سیفەتی رژێمێکی تاقەکەسی دەنوێنێ، بەڵام ئەم رژێمە رووی بکوژی و سیاسەتی درندانەی پاش چەندین گواستنەوەی گەورەدێ کەیەکێکە لەو گواستنەوانە پەرەپێدانی عەقڵیەتی عەسکەرتاریەتە، نەک بەعەسکەرکردنی کەسان بەڵکو بەعەسکەر کردنی عەقڵەکان. عەقڵییەتی عەسکەرتاریەت یەکێکە لە باوەڕەکانی نازیزم، کەداب و دەستوورو پەیڕەوەکانی عەسکەریان دەگواستەوە نێو پەروەردە و دام و دەزگا فرە رەنگەکانی دەوڵەت، حوکمی دکتاتۆری پەیرەوە و دیسیپلین کردنی عەسکەریی گواستەوە نێو هەموو کارەکانی ئەو دام و دەزگایانە هیچ منداڵ و پیرو لاوێک، تەنانەت ئافرەتیش لەم بەعەسکەری کردنە دەربازیان نەبوو، ئەوەی شوێنی مەترسی و کارەساتاوی بوو لە عەسکەرتاریەتی رێو رەسم و پەیرەو سەربازیەکان نەبوو، بەڵکو لە کرداری بەعەسکەر کردنی عەقڵی نەوەکانی عێراق بوو، چونکە ناوەڕۆکی ئەو کردارە کوشتنی هەموو بەرامبەرێکی جیاواز بوو، لە سیستەمێکی بەعەسکەری داسەپاودا کە ئەمەش بناغەو رەگەزی سەرەکیی پەروەردەی فاشیانەی بوو کە پشتی بەهێزو توندو تیژی دەبەست هەر ئەم عەقڵیەتەش مەترسیەکی بیرکردنەوەی کارەساتاویی دیکەی بەرهەم هێنا کە ئەویش، هەروە کو چۆن لە رژێمی فاشیدا، هەموو جەستەو ماڵ و موڵک و تەنانەت ژن هێنان و جیابوونەوەش، تەنانەت وردەکاریەکانی ناو خێزانیش، بەمافی دەوڵەت دەزانراو دەوڵەت بە ئازاد دادەنرا لەگرتن و بێ سەروشوێن کردنی هەر هاووڵاتیەک و هەروەها دەست بەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و موڵکی هەر هاووڵاتیەک حوکمی دکتاتۆریی بەغدا، نەوەیەکی لە سەر عەقڵی عەسکەرتاریەت دروست کرد کە دەچووە وردترین پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دام و دەزگاکانیەوە، کەبەباوەڕی توندو تیژی و کوشتن و خوێن رشتن پەروەردە دەکران، گەلی عێراقیشی کردە ئەو گەلەی کە خاوەنی کەسایەتیی خۆی نەبێ و هاووڵاتی بوون پلەدارو ئاست جیاواز کرابوو، دارو دەستەی دەسەڵات، بۆیان هەبوو لە هەر کات و هەر سەردەمێکدا هەر هاووڵاتیەک بگرن و سزای بدەن و تەنانەت لەناویشی بەرن، کەواتە ئەنفال زەمینەیەکی سیاسی و مێژوویی و پەروەدەیی بۆ رەخسێندرابوو، لە زۆر شوێنی جیاوازی عێراقدا بەبەر چاوی خەڵکی عێراقەوە، بەتاڵان بردن و لە ناوبردنی خەڵکی و کوشتنیان تێدا ئەنجام دەدرا، ئەمەش ئامازەیەک بوو بۆ ئەوەی کە هەر ئەو پەروەردە کردنەی عەقڵی عێراقیەکان بەهێز و کوشتن لە پشتەوەی پەرەسەندنی شێوازەکانی کوشتنەوە بوو، کاتێک لە ناو بردنی مرۆڤ لە مێژوویەکی درێژدا بەناوی پیرۆزیەکانەوە رەوایەتی پێ دەدرا، شتێکی ئاسایی بوو کە شێوازی حوکم یەکێک لە باوەڕەکانی ئەوەبێ کە ئەوکەس و گەل و نەتەوەو خێزانانەی ناچنە ژێرباری ئەم کەلتوورەوە یاخود باوەڕیان بەم کەلتووره نەبێ، هەوڵی لە ناوبردنیان بدرێ و بەتۆمەتەکانی (خیانەت، یاخی بوون، تێکدەر، دوژمن) وەسف بکرێن و ئەم وەسفانەش بەس بوون وەک پاساوێک کە عەسکەرتاریەت بە هەستێکی فۆبیاوە لە ناویان بەرێ، ئەنفال کردنی گەلی کورد پێگەیین و زیندوو کردنەوە و پەروەردەکردنێکی ناعەقڵیانەی کەلتوورێکی مێژووی بوو کەبەرفراوانترین زەمینەی دەسەڵاتی نایاسایی بۆ رەخسێندرابوو ئەو کەلتوره تەنها لەنێو ماناکانی خۆیدا دەژیاو هیچ مانایەکی لە دەرەوەی خۆی قەبووڵ نەدەکرد، داخستنی بوونێکی یا قەوارەیەکی سیاسی و هەموو کارەسات و کوشتارەکانی مرۆڤی عێراقی کردە دەوڵەتی زیندانی کە هیچ یەکێک لە هاووڵاتیە بەندکراوەکان لەدوو هەڵبژاردن زیاتر هەڵبژاردنی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو، کە ئەویش یادەبێ لەو زیندانە بکوژرێت یاخود کوژراوبێت، بکوژ دەبێ ئامادەبێ نەک تەنها نەیاران و خایەن و تێکدەرانی لایەنێک یا بوونێکی نەتەوەیی دیاری کراو لە ناوبەرێ بەڵکو ،بکوژ دەبێ هەموو هاوخوێن وهاو خێزان و هاوزمانی خۆی بکوژێ ئەگەر بێتوو ئەو وەسفانەی سەرەوەی بەسەردا سەپێنرا لەزیندانداندا مرۆڤ جوولەو هاوارو یاخی بوونەکانی تەنها لە نێو چوار دیواردا دەبن لە بکوژ زیاتر کەس گوێی لێ نیەو کەسیش گوێی لێ ناگرێ دەوڵەتی زیندان هیچ مانایەکی نەناسێن بەخۆی قەبووڵ ناکات، هەر بۆیە ئەنفال کردنی کورد بەو بێدەنگییە نێودەوڵەتی و خامۆشییە جیهانییە بەرێوەچوو، کە گرنگ نەبوو بەلایەنی ئەو جیهانەوە یائەو بارودۆخە نێودەوڵەتیەوە کە ئامازە و بەڵگە یاسایی و مەیدانیە هەبێ لەسەر رووداوێکی لە ناوبردنی مرۆڤ، چونکە هەر ئەو جیهانە و باوەڕەکانی لێپرسراو دەبوون بەرامبەر بە خەوش و کەلێنەکانی تازە کردنەوەی باوەڕەبنیات نەرەکانی خۆی، هەربۆیە لە پەیوەستە جیهانیەکانی ئەو باوەڕە سیاسی و مرۆڤایەتیانەی لە رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە عێراقدا دەوری دامەزرێنەریان هەبوو، هەرهەمان دەوری تازەکردنەوەی یابەخشینی سیستەمێکی سیاسی نوێیان هەبوو، پێچەوانە بوون لەگەڵ گواستنەوەی باوەڕو بەها مرۆڤایەتیەکان بۆ ئەو سیستەمانە، ئەمەش وای کرد بیری عەسکەرتاریەت و تازە کردنەوەو عەمبار کردنی بەردەوام لە رژێمەیەک لەدوای یەکەکانی عێراق پەرەبسەنێ. لەسەر حسێبی تازەکردنەوەی عەقڵ و چەسپاندنی ئازادیدا. کەواتە هەر ئەویەک گرتنەوە نابنیات نەرەی نێوان عەقڵێکی بەهێزو زەبرو زەنگ پێک هاتوو لەگەڵ عەقڵێکی دووسەرەی دامەزرێنەردا، یەکیان گرتەوە و پاشان هەموو کارەساتەکانی نێو دەوڵەتی زیندان، لەو یەک گرتنەوەیە هاتە کایەوەو ئەنفال دەرهاویشتەیەکی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی هێزی کەلتووورێکی ناعەقڵانی بوو لە بارودۆخ و مەرجێکی مێژوویی جیهانی کە باوەڕە مرۆڤدۆستەکانی نەیان دەویست و گرنگ نەبوو بە لایانەوە بەرژەوەندیی دەستەبالای عەقڵی و نوێخوازییان ببێتە رێگر لەبەردەم بەردەوام بوونی پەیوەندیەکی بەرژەوەندخوازدا. هەربۆیە جوانترین پێناس بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، پێناسی یا ناوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بوو، چونکە تاکو رووداوەکانی بۆسنیاو لە ناوبردن و قڕکردنی مرۆڤ و رەگەز لەو جوگرافیایەدا، نەتەوە یەکگرتووەکان بەو باوەڕانەدا نەچوونەوە کە 99%ی دەوڵەتە ئەندامەکان باوەڕیان پێیان نەبووە و کاریان پێیان نەکردووە و بەدەیان کارەساتی گەورە کە دەبوایە ئەو رێکخراوە تیایاندا بێ لایەن بوایەو هۆکاری نەهێشتن و ئابلوقە دانیان بوایە، بەڵام لەبەردەم بەرژەوەندیە باڵاکانیدا چاوی خۆیان لەو کارەساتانە دەنوقاند، کەواتە لێپسراوێتی ئەنفال لەلایەنی بەها رەوشتی و مرۆڤایەتیەکانەوە لێپرسراوێتییەکی جیهانیشی تێدایە، چونکە ئەوجیهانە هاندەرو یارمەتی دەرێکی ناڕاستەو خۆ و راستەو خۆی پەرەسەندنی دەوڵەتی زیندان بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەدەیان کارەساتی مرۆڤایەتییان لێ کەوتەوە.



## هاوردنی کرێکاره بێگانەکان بۆ کوردستان

خەسرۆ پیربال

لە عێراق و بەتایبەتی لە کوردستاندا هەڵمەتێکی گەورەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەش لەوانەیە ئەو ئەرکە تەنها بە کۆمپانیاکانی نیشتیمانی ئەنجام نەدرێ، سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی هەمیشە هاندەرو پشتگیری لە کەرتی تایبەتی و بەڵێندەر و کۆمپانیا بیانیەکان بووە.
دیارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی کوردستان، بەڵێندەرو کۆمپانیاکانی نیشتیمانی دووچاری گرفتی گەورە کەوتوونەتەوە لەگەڵ کرێکارانی وڵات و فەرهەنگی کارکردنی کرێکاری کوردستانی، لێرەش بەگوێرەی ئەزموونی خۆیان هەمیشە گلەیی و تێبینی ئەوەیان هەبووە کە کرێکارانی کورد زۆر بەساردی و بێ دیسیپلینی و بەرەڵایی کار دەکەن، رێزیان بۆ کاتی کارکردن نیە، کاتی کارکردن بۆشتی لاوەکی و بێبەرهەمی بەکار دەهێنن..
چەند سەعاتێک بۆ خواردن و نوێژکردن تەرخان دەکەن و لەئەنجامی باشتر بوونی بارودۆخی ئابووری و بەخشینی مووچەیەکی باش لەلایان حکومەتی کوردستان، هیچ کرێکارێک ئامادەنیە. کاری زەحمەت و ناخۆش بکات، لەبەرئەوە گەلێک لە پیشەو کاری قورس، بۆ نموونە کرێکاری بیناسازی و خزمەتگوزاریەکان بێ کرێکار ماونەتەوە و مەجبووری بووە کە خاوەن پرۆژەکان بڕیاری ئەوە بدەن کە لەدەرەوەی کوردستان کرێکاری بێگانە بێنن و کارو پرۆژەکانیان پێئەنجام بدەن.
ئەگەر لاپەڕەکانی نزیکی مێژووی میللەتەکەمان بخوێنینەوە لەوکاتەی پێشمەرگەکانی کوردستان خەونیان بە ئازادکردنی وڵاتەوە دەبینی، بڕواناکەم هیچ کامیان لەو قارەمانانە بیریان لەوە کردبێتەوە کە رۆژێک لە رۆژان، هیندی و پاکستانیەکان بێنە کوردستان و کارمان بۆ بکەن!
ماوەیەکە هەواڵی گەیشتنی زیاتر لە 300 کرێکاری هیندی لە کوردستان بڵاوبۆتەوە، گوایە کەرتی تایبەت ئەم کرێکارانەیان هاوردۆتە کوردستان بۆ بیناسازی، بێئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستی و لایەنەپەیوەندیدارەکان هیچ ئاگاداریەکیان لەو بارەوە هەبێت، لێرەدا ئەوەی پێویستە بزانرێت لەو بارەوە دوو مەسەلەی زۆر گرینگە: دیارە مایەی دڵتەنگیە لە وڵاتێکی وەکو کوردستان و ئابووری و ژێرخانێکی لاوازی وەکو وڵاتی ئێمە، هێندە بەپەلە لەئەنجامی باشبوونی مووچەی کرێکاران و فەرمانبەران و زوو کرێکارانی کوردستان، دەستیان لە سەدان کار وپیشەی میللی و مێژوویی خۆیان هەڵگرت و رژاونەتە سەر جادەو پێش باڵەخانەکانی شار و پێش چایخانەکانی پایتەخت و شارە گەورەکانی کوردستان! ئەو رەفتارەی دەرەنجامێکی خراپی لێکەوتەوە تاوەکو بەڵێندەران و خاوەنی پرۆژەکان بیر لە هاوردنی کرێکاری بێگانە بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان.
خاڵێکی تری خەتەرناکتر، ئەوەیە کە بەسەدان، بەڵکو بەهەزاران کرێکار و هاووڵاتی بێگانە بۆ کار و مەسەلەی تردێنە کوردستان، بێ ئەوەی هیچ لە ناوەند و بنکە و وەزارەتی تەندروستی، هیچ ئیجرائاتێکیان هەبێت بەرامبەر ئەو کرێکارانە، بێگومان، ئەمرۆکە جگە لە مەترسی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی ئایدز، هەواڵی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی چەندین نەخۆشی درمی تریش لە ئارادایە لە وڵاتانی هیند و پاکستان و ئەفریقیادا... بەتایبەتی لە هیندستان، چەندین نەخۆشی هەن و ئەو کرێکارانەی لەوێوەش هاتوونەتە کوردستان، لەوانەیە چەند کەسێکیان هەڵگری ئەو نەخۆشیانەبن و لەوانەیە هاووڵاتیانی کوردستانیش تووشی ئەو نەخۆشیانە بن. جگە لەوەش بەگوێرەی ئەزموونی وڵاتانی کەنداو (کوێت و سعوودیەو دوبەیی)، کرێکارە هیندیەکان، تۆمارێکی گەورەیان هەیە لە ئەنجامدانی تاوانی گەورەو دزی و کوشتن.. پێموابێ دەبێت هاوردنی کرێکاری هیندی بەتایبەتی و بەشێوەیەکی گشتی کرێکاری بێگانە هێندە بەئاسان نەبێت و بەڵکو بیرۆکەیەکی تایبەت بە بێگانەکانمان هەبێت، وەکو هەر وڵاتێکی تری جیهان، هەندێک بەفەرمی و بەشێوەیەکی مۆدێرن و دیسپلینمان هەبێت بۆ بەخشینی مۆڵەت و رێگادان بە هاوردن و پێشوازیکردنی کرێکارە بێگانەکان بۆ کوردستان.
جێی باسە هەواڵی هاوردنی 300 کرێکاری هیندی لە رۆژی 2005/3/23 لەماڵپەڕی پەیامنێر بڵاو بۆوە.

PirbaI@hotmaiI.con